# هۆکارەکانی جیاوازی نێوان پیاوان وژنان لە ئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# سبب اختلاف الرجل عن المرأة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# هۆكارەكانی جیاوازی نێوان پیاوان وژنان له ئیسلامدا

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە
.

خوای گەورە مرۆڤەكانی بەیەكسانی دروستكردووە، و هیچ كەسێك فەزڵی نییە بەسەر ئەوی دیكەدا بە خواناسی و تەقوای زیاتر نەبێت، نە عەرەب فەزڵی هەیە بەسەر غەیری عەرەبدا، وە نە غەیری عەرەبیش فەزڵی هەیە بەسەر عەرەبدا، ڕەش پێست و سپی پێست لە تەرازووی خوای گەورەدا یەكسانن، ئەوەیان نەبێت كە تەقواو و خواناسی لەوی دیكە زیاتر بێت، بە هەمان شێوە پیاوان و ئافرەتانیش خوای گەورە تەواوی فەرمان وڕێگریەكانی بەیەكسانی پێ ڕاگەیاندوون، لە هەندێك كار وفەرماندا نەبێت كە خوای گەورە ڕەچاوی حاڵو تەندروستی ئافرەتانی كردووە و هەندێك لە عیبادەتەكانی لەسەر سووك كردوون، بەهەمان شێوە بە لەبەرچاوگرتنی هەندێك ئیعتبارات پەروەردگار جیاوازییەكی كەمی كردووە لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا، ئەویش نەك بەوەی خوانەخواستە وا تێبگەین كە خوای گەورە و ئاینی پیرۆزی ئیسلام ستەمیان كردبێت لە ئافرەتان، نەخێر بە پێچەوانەوە بەڵكو

لەبەر ڕەچاوكردنی هەندێك بارودۆخ جیاوازیەكی كەم دەبینرێت لە نێوان ئافرەتان و پیاوان، لەم خاڵانەی خوارەدا :

**یەكەم :لەكاتی شاهیدی داندا :** ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە مەرجی داناوە كە شاهیدیدانی هەندێك مەسائل پێویستە دوو پیاو بێت، ئەگەر دوو پیاو نەبوو ئەوا دەبێت پیاوێك و دوو ئافرەت بن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ ﴾ [ البقرة: ٢٨٢ ] واتا : با شاهیدەكان ئەگەر دوو پیاو نەبوون، ئەوا با پیاوێك و دوو ئافرەت بن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە سووكایەتی و بەكەم زانینی بێت بۆ ئافرەتان ، نەخێر بەڵكو لە بەر ئەو فیطرەتەیە كە خوای گەورە ئافرەتانی لەسەر خەلق كردووە، چونكە ئافرەتان بە سروشتی خۆیان كەسانێكی عاطفی و سۆزدارن و زاتی ئەوە ناكەن لەبەر هەندێكی حاڵەتی كوشتن و تاوان و خوێن ڕشتندا خۆیان بگرن، وە لەكاتی خۆیدا بە پێی پێویست شاهیدی خۆیانی لەسەر بدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی فەوتان و لەناوچوونی مافی هاوڵاتیان، یان لەبەر ئەوەی ئافرەتان كەم تر لەبەر پەروەردەكردنی ماڵومنداڵ گرنگی دەدەن بە كڕین وفرۆشتن و ئەو كێشە وگرفتانەی كە دەكەوێتە نێوان خەڵكیەوە، یان لەبەر ئەو حاڵەتەی كە مانگانە بەسەر ئافرەتاندا دێت لە سوڕی مانگانە كە باری دەرونیان ناجێگیر

دەبێت، ناکرێت شاهیدیدانی ئافرەتێك بە شاهیدیدانی پیاوێك بەراورد بکرێت لەم حاڵەتانەدا .

جا ئەگەر هاتوو ئەو ئافرەتە ئافرەتێکی تری لەگەڵ بوو بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکی لەبیرچوو لەکاتی شاهیدیدانەکەدا وەبیر بهێنێتەوە، ئەوە زیاتر ئەوە ماف و هەقە بۆ خاوەنەکەی دەسەلمێنرێت" وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى﴾ [البقرة: ٢٨٢] واتا :بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو یەکێکیان لەو ئافرەتانە شتێکی لەبیرچوویەوە ئەوا ئەوی دیکەیان وەبیر بهێنێتەوە.

بۆیە دەبینین ئاینی پیرۆزی ئیسلام شاهیدیدانی ئافرەتانی ڕەفز نەکردووە، وبڵێ ئافرەتان شاهیدیان لێوەرناگیرێت، بەڵکو بەمەرجی داناوە کە دووان بن، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێکیان شتێکی لەبیر چوویەوە ئەوی تریان وەبیری بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەق ومافی خەڵکی نەفەوێت، وزوڵم وستەمیش بەسەر کەسدا نەچەسپێت .

**دووەم : لە میرات گرتندا،** ئافرەتان لە هەندێك حاڵەتدا نەك هەموو حاڵەتەکاندا، دووانیان هێندەی پیاوێك میرات دەبات لەو کەسەی مردووە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ

ﭐلۡأُنثَيَيۡنِۚ﴾ [ النساء: ١١ ] واتا : بەشی پیاوێك هێندەی بەشی دوو ئافرەتە .

ئەمەش بۆ ئەوە نییە كە بەشی ئافرەتان بە ناهەق بخورێت، ( حاشا ) شتی وانییە، بەڵكو لە پێناو پاراستنی مافەكانی ئەودایە، چونكە ئافرەت كە مافی خۆی لە میراتی مردووەكەی وەردەگرێت، و پیاویش دوو هێندەی ئەو دەبات، لەبەر ئەوەیە كە پیاوان ئیسلام لەسەر واجب كردوون كە نەفەقە ومەسروفاتی ماڵومنداڵیان بدەن بە مەسروفاتی ژنەكانیشیانەوە، نەك هەر هێندە بەڵكو واجب كراوە لەسەریشیان كە مارەییان پێ بدەن، و نەفەقەی ئەو ئافرەتەش بدات كە تەڵاقی داوە و هێشتا لە ( عدە ) كەیدایە، لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا ئافرەتان هیچ شتێكیان لەسەر واجب نەكراوە لە نەفەقە و مەسروفاتی ماڵومنداڵ، بەڵكو تەواوی ئەو میراتەی كە وەری گرتووە، هەمووی بۆ خۆی و خزمەتی خۆی هەڵدەگرێت، كەواتە تێگەیشتین ئەو جیاوازییەی كە هەیە لە نێوان پیاوان وئافرەتان لە هەندێك حاڵەتی میرات گرتندا، تەنها بۆ ئەوەیە كە وەزیفە وئەركیان جیاوازە لەو وەزیفە وئەركەی كە لەسەر پیاوانە، نەك خوانەخواستە ئیسلام بەكەمتر تەماشای ئافرەتان بكات .

**سێهەم : خوێن و دیەی ئافرەتان لەكاتی كوشتنی بە هەڵدا** ( قتل الخطأ ) حیكمەت لەوەدایە خوێن ودیەی پیاوان دوو هێندەی خوێن

و دیەی ئافرەتان بێت، چونکە ئەگەر هاتوو کوژراوەکە پیاو بوو، ئەوا ئەو خێزانە کەسێکیان لەدەستداوە کە نەفەقە و مەسروفاتی ژیانیانی بۆ دابین دەکردن، بۆیە لەم کاتەدا خێزانەکەی خوێن ودیەی دوو هێندەی ئافرەتێك پێ دەدرێت، چونکە ئەگەر هاتوو ئەو کوژراوە ئافرەتێك بێت، ئەو خێزانە کەسێکیان لەدەست نەداوە کە نەفەقە و گوزەرانی ژیانیانی دابین کردبێت، بۆیە دەبینین خوێن ودیەی پیاوان و ئافرەتانیش لە ئیسلامدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەرك و واجباتی هەر کەسێکیان لەوی تریان جیاوازە .

**چوارەم : سەرۆکایەتی وولات و لێپرسراویەتی هەندێك پلەو پایەی دەوڵەت :** هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی سەرۆکی وولات، یان لێپرسراویەتی لە ئیسلامدا، ئەوەیە کە بکرێت بە پێشەوا و ئیمامی نوێژکردن بۆ خەڵکی، یان بە قائدێکی سەربازی لە جەنگدا، دیارە ئافرەتانیش هیچ کام لەمانەی پێ هەڵناسوڕێت، وە ناکرێت هیچ کام لەم کارانەی پێ بسپێرڕێت، ئەویش لەبەر ئەو فیطرەتەی لەسەری خەلق کراوە کە لایەنی سۆزداریەکەی زاڵترە بەسەرر لایەنەکانی تریدا، هەروەها لەبەر ئەوەی لاشە ولاری ئافرەتان لەڕووی فیسۆلۆجیەوە لاوازترە و جیاوازترە لە لاشە ولاری پیاوان، هەروەها ئافرەتان بەهەندێك قۆناغی وەك سکپڕی و کەوتنە ناو سوڕی مانگانەوە تێدەپەڕن کە باری دەرونی ولایەنی فسیۆلۆجیان جێگیر نامێنێت، ئەمانە و هەندێك هۆکاری

تر  لەبەر چاو گیراوە کە ناکرێت ئافرەتێك ئەم گرنگی و لێپرسراویەتیەیان پێ بسپێررێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئافرەتان لەبەر ڕوونەدانی خراپە و فەساد وفیتنە ناکرێت ڕۆلێ ئیمامەتی نوێژ بۆ پیاوان ببینن، بەڵام لەناو خۆیاندا هیچ کێشەیەك نابینرێت ئەگەر بێتو ئافرەتیك پێش نوێژی بۆ کۆمەڵێك ئافرەتی تر بکات .

**پێنجەم : تەڵاق :** لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا تەڵاق بەدەست پیاوانە، ئەویش لەبەر ئەوەی خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر پیاوان نەفەقە و مەسروفات و مارەیی خێزانەکانیان دابین بکەن، لە لایەکی ترەوە پیاوان بەگشتی نەك مەبەستمان تاك تاکی پیاوان بێت، لە ئافرەتان لەڕووی دەرك و ژیری و عەقڵیانەوە زیاتر لەوان بە ئارام ترن لەسەر ئەو شتانەی کە بەدڵیان نییە و پێیان ناخۆشە، لەبەر ئەوە پیاوان لەکاتی ڕوودانی بچوك ترین کێشەدا خێرا پەنا بۆ تەڵاقدان نابەن، بە بەراورد ئەگەر بهاتایە تەڵاقان بدایەتە دەست ئافرەتان، بۆیە دەبینین ئەگەر بهاتیایە لە وولاتانی ئیسلامدا وەك وولاتانی ڕۆژئاوا تەڵاق بەیەکسانی بەدەست پیاو و ژنان بوایە، ئەوا وەك ئەو وولاتانە ڕێژەی تەڵاق لای خۆشمان بەرز دەبوویەوە، لەبەر ئەم هۆیانەو هۆگەلێکی تریش خوای گەورە و ئاینی پیرۆزی ئیسلام تەڵاقیان داوەتە دەست پیاوان، بۆ ئەوەی ژیان وەك ئەوەی هەیە بەجوانی و ڕیکوپێکی بەردەوام بێت، هەرچەند دەبینین هەندیك جاری

پیاوان ناهەقی دەکەن لەبەکارهێنانی تەڵاق لەبەرامبەر خێزانەکانیاندا .

محمد جمیل زینۆ دەڵێت : لەڕاستیدا تەڵاق خۆی لەخۆیدا ڕێز و کەرامەتە بۆ ئافرەتانی موسڵمان، چونکە تەڵاق ئافرەت ڕزگار دەکات لەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەری وزوڵم وزۆرەی کە دووچاری بووە لەگەڵ پیاوەکەیدا، ئەو پیاوەی کە دادگەر نییە لەگەڵیدا، ئەو پیاوەی ئەرکانەکانی ئیسلام جێ بەجێ ناکات، کۆتای دەهێنێت بەقۆناغێك لە ژیانی ئافرەت کە لێوان لێوە لە کێشە و ئاژاوە لەگەڵ پیاوەکەیدا، دوای ئەوەش کە کەسوکاری هەردوولا هەوڵی زۆریاندا کە یەکیان بخەنەوە، یان ئەوەتانێ تەڵاق کۆتای دەهێنێت بە ژیانێك کە خۆشەویستیە بوونی نییە، چونکە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند بابەتێك کە بەردەوامی ژیانی لەنێوانیاندا ئەستەم دەبێت، تەنها چارەسەریش بۆ ئەم مەسئەلەیە تەنها و تەنها تەڵاقە، وە نەبێت ئیسلامیش خێرا پەنای بردبێت بۆ تەڵاقدان، نەخێر هەرگیز وانییە، بەڵکو هەرچۆن پڕۆسەی هاوسەرگیری بەچەند قۆناغێك تەواو دەبێت، بەهەمان شێوە پڕۆسەی تەڵاق دانیش بە چەند قۆناغێك دەبێت، یەکێك لەو قۆناغانە ئەوەیە کە خوای گەورە تەڵاقی بە سێ تەڵاق داناوە، وەك فەرموویەتی : ﴿ الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ [ البقرة: ٢٢٩] واتا : تەڵاقێک ( کە پیاو بتوانێت

هاوسەرەکەی تێدا بگێڕێتەوە ) دووجارە، دووکەڕەتە ( پیاو بۆی هەیە تەڵاقی هاوسەرەکەی بدات و چاکترین شێوازی ئەوەیە کە لە سوننەتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ڕوون کراوەتەوە )، لەوەودوا واتە بۆ سێهەم جار ئیتر ئەگەر دەیەوێت ژیانی هاوسەریی بباتە سەر (نابێت تەڵاق بێت بەدەمیداو ئەگەر هات ) دەبێت بەچاکی و بەڕێک و پێکی دەست بەرداری ببێت .

خوای گەورە لەگوناهی هەموو لایەکمان خۆش بێت، و کێشە وگیروگرفت لەنێو خیزانەکانماندا هەڵگرێت .

سەرچاوە : کتێبی : تکریم الإسلام للمرأة : محمد جميل زينو